## مامۆستا حەسەنی قزڵجی-
## بیرەوەریی هاوکارێکی حزبی

ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە بەر چاوی خوێنەر، وتارێکە ڕێزدار حەسەن ماوەرانی نووسیویەتی و لە ماڵپەڕی "ڕاڤە" دا بڵاوی کردۆتەوە. ناوی تەواوی ماڵپەرەکە ئەوەیە: "ڕاڤە بۆ داهاتووی نیشتمانێکی ئازاد و سەربەخۆ" و ئەوەش ئەدرەسیەتی:
http://www.rave-online.org/default.htm

من بابەتەکەم بەیانیی ڕۆژی ٢٠١٢/٨/٢٥ خوێندەوە و بە باشم زانی بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی "بۆکان لەمێژوودا" ڕایبگوێزمە ئێرە.

مامۆستا قزڵجی دوای گەڕانەوەی ناوخۆی وڵات، ماوەیەکی کەم لەبۆکانو بەگشتی کوردستان مایەوە و پاشان چوو بۆ تاران. لەوێ، وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حزبی توودەی ئێران، لە پەیوەندی حزبدا بوو و ڕۆژنامەی "مەردوم" ئۆرگانی حزبی بە زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە. هەر لەوێش بوو، کە هاوڕێ لەگەڵ بەرپرسانی سەرەوەی حزب وەک نوورەددین کەیانووری و ئیحسانی تەبەری و یەک لەوان ، عەلی گەلاوێژدا گیرا و لە زیندانی ئێڤینی تاران گیانی لە دەست دا.

لە ماوەی ژیانی مامۆستا لە تاران و کارکردنی لە دەفتەری حزبی توودەی ئێراندا، کاک حەسەنی ماوەرانی، وەک ئەندامی حزب، یەک لەو کەسانە بووە کە پەیوەندی نزیک و ڕۆژانەی لەگەڵیدا هەبووە و بێگومان یەک لە باشترین کەسانێکە کە شارەزای ژیانی ڕۆژانە و ئەرک و کاری حزبیی مامۆستا لە تاران بێت. ئێستا ٣٠ ساڵێک دوای ڕووداوەکان، کاک حەسەن بابەتێکی سەبارەت بە مامۆستا نووسیوە و لە ڕۆژانێک دواوە کە ئەگەر ئەو و چەندکەسی دیکەی نزیک بە حزب بۆمانی نەگێڕنەوە، واهەیە لەتاریکیدا بمێنێتەوە و لەدواڕۆژدا کەسیان لێ ئاگادار نەبێت. بەختەوەرانە، ئێستا ساڵانێکە تەپ وتۆزی حزبایەتی کردن بەو شێوەیەی کە ئەودەم باو بوو، نیشتۆتەوە و ڕووناکبیری کورد بە سەربەخۆییەکی زیاتر و دوور لە دەمارگیریی حزبی دەڕوانێتە مێژووی کوردستان و ڕووداوەکانی ڕابردوو، ئێستا زۆرن ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کورد دەخەنە پێش بەرژەوەندییە حزبییەکەیان-دیاردەیەک کە بەداخەوە لە ڕابردوودا بەراوەژوو بوو!

من دڵنیام کاک حەسەن بیرەوەریی زیاتریشی لەو ساڵانەی ژیانی مامۆستا هەیە و کەسانی دیکەی دەوروبەری مامۆستاش لەو سەردەمەدا، بۆ نموونە، کاک ناسری شافیعی و مامۆستا مەلا ساڵحی ئیبراهیمی، کە لێرەدا ناویان هاتووە، دەتوانن زانیاریی زیاترمان لەسەر ژیان و کارەکانی بدەنێ. ئەوە ئەرکێکی گرنگی نیشتمانییە و کەسایەتی مرۆڤێکی هەڵکەوتەی گەلەکەمان لێیان دەخوازێت کە لە بەرانبەریدا بێدەنگ و کەمتەرخەم نەبن.

پێویست بە گوتن ناکات کە ڕاگواستنی وتاری کاک حەسەن بە واتای پەسند یا ڕەد کردنەوەی قسە و بۆچوونەکانی نییە و ئەو خۆی بەرپرسە لە بەرانبەر ئەو شتانەی وا نووسیونی یا ئەو بۆچوونانەی وا سەبارەت بە هەندێک کەس دەریبڕیون.

لێرەدا دەقی وتارەکەی کاک حەسەنی ماوەرانی دەهێنمەوە و لە کۆتاییشدا لینکی هەمان وتار لەسەر ماڵپەڕی ڕاڤە، ڕادەگەیێنم. بە سپاسی زۆرەوە بۆ نووسەری وتار و کارگێرانی ماڵپەڕی ڕاڤە:

## بە یادی مامۆستا حەسەنی قزلجی

حەسەن ماوەرانی

لە مێژووی کورددا گەلێ کەسایەتی مەزن هەبوون کە بەداخەوە ئەوجۆرەی کە شیاوی ڕێزیانە قەدریان نەگیراوە و یادیان ناکرێتەوە. یەکێ لەو زانا و بلیمەت و خەباتکارانە مامۆستا حەسەنی قزلجیە کە لە ڕێکەوتی 1914/9/15 لە بنەماڵەی کوردپەروەر و زانا پەروەی قزلجی (تورجانیزادە) لە دایک بووە و ساڵی 1983 لە بەندیخانە ئێوینی تارانێدا لە ئەنجامی ئەشکەنجە و ئازاری پیاوکوژەکانی خۆمەینی و جەلادەکانی کۆماری ئیسلامیدا شەهید کرا.

مامۆستا قزڵجی نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەوانی هەرە لێهاتووی سەدەی بیستەمی کوردە کە خەباتی ئەدەبی و سیاسی خۆی لە کۆمەڵەی ژ.ک دا دەستپێکرد و هەتا دوا ڕۆژی ژیانی کە سەرتاسەری پرلە ئاوارەیی و چەرمەسەری بوو، وازی لە تیکۆشان و بەتایبەت نووسین نەهێنا.

هێمن، هەژار، محەمەد مەسعود، محەمەدی مەلاکەریم ، جەلال دەباغ، ڕەفیق سابیر، کەریمی حیسامی، مامۆستا زەبیحی، گۆران و دڵزار و دەیان نووسەر و شاعیر و ئەدیبی کورد هاوڕێیان کردووە و لە تیشکی زانستی وی بەهرەیان وەرگرتووە.

پێکەنینی گەدا، کە کۆمەڵە چیروکێ زاتیری نووسراوەی مامۆستایە و لە ڕاستیدا ئاوێنەی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەوسەردەمە و ڕەنگدەرەوەی ژیانی خۆیەتی لە ئاوارەییدا، لە مێژوویی ئەدەبی کورددا بێوێنە دەمێنێتەوە.

لەسەردەمی کۆماردا گۆڤاری هەلاڵەی لە بۆکان بڵاوکردەوە و بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی دەنووسی. پێشەوا قازی محەمەد هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە بریا دە کەسی وەک مامۆستامان هەبا.

لە پاش ڕووخانی کۆمار پەرەوازەی باشوور دەبێ و ڕۆژنامەی ڕێگا دەردەکا، پاشان لە پەرەوازەییداهاوکات لەگەڵ کاری ڕۆژانە کە لە کشت وکاڵ و پیشنوێژی لە باتی مەلایێ دێ و بۆیاخچێتی و کرێکاری جێشتخانە و میرزای کاسباکاران و هتد دەگرێتەوە، یارمەتی دەرکردنی خەبات. ڕێگای ئازادی و دەیان بڵاوکراوەی تری خەباتکارە کوردەکانی باشور دەدا. لە پەرەوازەییشدا دەکەوێتە زیندانی ڕژیمی عێراق و ماوەی سێ سالان لە بەغدا دەکەوێتە بەندیخانە. لەزیندانی بەغدادا دەگەڵ مامۆستا گۆران شاعیری  مەزنی کورد و عەزیزمحەمەد تێکۆشەری بەناوبانگی کورد کە پاشان بوو بە سکرتێری حیزبی شیوعی عیراق هاوبەند و هاودەم دەبێت. پاشان بە یارمەتیی حیزبی شیوعی ڕەوانەی ئاڵمانی دێمۆکراتیک دەکرێ و پاش ساڵێک لە بولغارستان نێشتە جێ دەبێ لەوێ لەلایەن حیزبی تودەی ئیرانەوە قواستراوە و بۆ ماوەی 15 ساڵان بەرنامەکانی ڕادیوی پەیکی ئێران بە کوردی و عەرەبی بەڕێوەدەبا.

پاش شورشی 1978ی ئێران گەڕایەوە نێشتمان و دیداری بە خاووخێزانی پاش پتر لە 35 ساڵان شاد بۆوە.

لە تاران ڕۆژنامەی مەردم بە زمانی کوردیی بڵاو کردەوە و پاش هێرشی ڕژیم بۆ سەر حیزبی تودە کەوتە زیندانی کۆماری ئیسڵامیەوە و لە ئەنجامی ئەشکەنجە و ئازاری پیاوکوژەکانی رژیمدا کۆچی دوایی کرد.

ئەم نووسراوەیە وردە بیرەوەرییەکانی خۆمن کە ماوەیەکی وەک خوێندکاری بەردەستی لە بەر ڕووناکاییی زانستیانەی ئەو بلیمەتدا بەهرەم لە بیری پێشکەوتووانەی وەرگرتووە و گەلیک شتی لێ فێربووم کە تەنانەت لە زانکۆکانشدا ناکرێ فێریان بی.

------------------------------------------------------------------------------------------

بەمیر مندالی زۆر جاران ناوی مامۆستا قزلجیم لە زمانی گەورەکان بیستبوو. بەتایبەت لە کاتی بڵاو کردنەوەی

بەشی کوردیی پەیکی ئێراندا، ڕادیۆی حیزبی تودەی ئێران کە لە سالەکانی 1967/1966 دا کە تاقە ڕادیۆیەک بوو بە دروستی دەنگی شۆڕشی چەکدارانەی کورد و تەنانەت شۆڕسی کوردستانی باشوریشی بە تەواوەتی بلاو دەکردەوە.

بە میرمندالّی و سەرەتای گەنجێتی چەندین جاران گۆیم لە بەرنامەکانی دەگرت. بەتایبەت لە زنجیرە باسێکی مامۆستا لەسەر حاجی قادری کۆیی کە دەنگی لەسەرەخۆی مامۆستا قزلجی ئەوەندە بەهەستەوە بوو کە کاری دەکردە سەر گیانی هەر مرۆڤێک بەتایبەت گەنجێ کوردی مێشک پڕپرسیاری وەلام وەرنەگرتۆوەی وەک من.

لە سالی 1978 کە پاش ئازادبوون لە بەندیخانەی ڕژیم من و هاوڕیکانم بە گەرمی و توندی خەریکی خەباتی سیاسی بە لایەنگریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووین و خویندن و ژیانی ئاساییمان وەلانابوو و بە قەولی مامۆستا هەر خەریکی هەلبەز هەلبەزی بووین بۆ جارێکی تر دەنگی مامۆستام گوێ لێبوو بەلام نەک لە ڕادیۆ بەلکوو لەسەر تەلێفۆن.

لەتاران من و حوسێنی برام لە شۆقەیەکی دا دەژیاین کە هی خالّم ، محەمەدی سیراجی بوو. شۆقە چ شۆقە پتر وە مقەر دەچوو هەتا مالّ. دێمۆکرات، تودەیی ، شیوعی ، فیدایی و هەر کەس دەنکە جۆیەک پێوەندیی بە شۆڕشەوە هەبا لەوێ سەری وەدەردەنا. بە خۆشیەوە ئەو سەردەم باوی دژایەتی سیاسی لەگۆڕێدانەبوو و خەڵک زورتر یەکگرتوو بوون. تاقەتیان بۆ گوێ گرتن لە یەکتری هەبوو. منیش هەم کۆنە زیندانیی سیاسی بووم و هەم دێمۆکرات بووم و هەم دۆستایەتیکی گەرم و گوڕم لەگەل شیوعیەکان و تودەییەکان هەبوو و هەم بە هۆی خویندکاربوون و کار لە بنکەی چاپەمەنیدا، ناسیاو و برادەرم زۆر بوو، ماکەی ئەو جمۆجۆلە بووم لە شۆقەکەدا. حوسینی برام ، رەوانی شاد، لە خۆپێشاندانەکانی زانکۆی تاراندا زۆر بە گوڕ هەلدەسوڕا و بە بۆنەی ئەویشەوە مالەکە هێندەی تر هاتوچۆی لەسەر بوو.

شەوێک دانیشتبووین و باس و هەللای دەمەقالّەی سیاسی لەگۆڕێدابوو کە تەلێفۆن زرینگاوە. هەلم گرت و گوتم فەرموون، لەپڕ دەنگی مامۆستا قزلجیم گوێ لێبوو کە بە هەمان لەسەرەخۆیی سلاوی کرد و پرسیی کە مالی ئیمەیە یان نا؟ ڕستەکە تەواو نەببوو گوڕاندم وست بن مامۆستا قزلجیە. دەسبەجی کوتم سەلام مامۆستا قزلجی. هەموو برادەران بەبیستنی ناوی مامۆستا بیدەنگ بوون. دەمزانی کە خالم، رەوانی شاد بێ ، حەمەدەمینی سیراجی تەلیفۆنەکەی داوە بە مامۆستا قزلجی و رەحمەتی کاک کەریمی حیسامی. دەستبەجێ خۆم بە مامۆستا قزلجي ناساند و گوتم کە حەسەنی خوشکەزای کاک حەمەدەمینم. گەلێک پرسیاری لەسەر وەزعی ئێران کرد کە وەڵامم داوە و دلْنیام کرد کە کاتي چاوپێکەوتن و بەدیداری و سەربەرز بوونمان هاتووە. ئەوە یەکەمجار بوو کە شانازی قسەکردنم لەگەڵ ئەو زانا بلّێمەتە بە نسیب دەبوو.

ماوەیەک بەسەرچوو، شورش سەرکەوت من و هاوڕێیانیش سەرقالّی کاری حیزبایەتی و هەڵبەز هەڵبەزێ بووین. جارو بارەش سەرێکی تارانم دەداوە بۆ خەبەردار بوون لە خویندن و زانکۆ. لە یەکی لەو سەفەرانەدا کۆنە برادەرێکی زیندانم، ئاسفی ڕەزمدیدە کە ببوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە(لە بەندیخانەی ئێوین شەهیدکرا) ، من و چەندکەسیتری بانگهێشتن کردبوو. چوومە دەفتەری حیزبی تودە کە لەوێرا بەیەکەوە بەرەو مالّیان برۆینەوە. لەدەفتەری حیزبی تودەدا کە وەژوور دەکەوتی میزێکیان دانابوو و چەندکورسی لە پشتەوە و کادرێکی دەبیرخانە و یەک دوو کەسی یارمەتیدەر بۆ رێنوێنی کردنی خەڵک و چاوەدێری کاریان دەکرد. یەکی لەوانە کۆنە هاوبەندم بوو و یەکترمان باش دەناسی. کە منی دیت بەرەوپیلمەوەهات وپاش چاک و چۆنی کوتی ئەو پێرە مێردەش کوردە نازانم کێ لێرەی داناوە و ئەویش هەر کیانوری دەناسێ کە لێرە نییە و درەنگ دێتەوە دەڵێ لە بولغارستانەوە گەڕاوەتەوە، بزانە کێیە؟

هەر بیرم بەلای مامۆستا قزلجیەوە نەبوو. چون بە خەیالی من ئەو تەلێفۆنی مالّی ئێمەی هەبوو و گەر بهاتباوە زەنگی بۆ ئیمە لێدەدا. کە سلاوم لێکرد و بە دەنگە نەرمەکەی وەلامی دامەوە ئامێزم پێداگرت و خۆم پێناساند. بە گەنجەکانم گوت مالتان نەشێوێ ئەوە مامۆستا قزلجیەو و بە خێر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیتانە. دەسبەجێ بەرەو دەفتەری کاکە ڕەزای شەلتوکی وەسەر کەوتین، بزەیەکی هاتێ و گوتی لەدەفتەری حیزبەکەشماندا مەگەر دێمۆکرات بە هانای پیاو بگا، دەنا پیاو سەقەت دەبێ، باشبوو تۆ پەیدا بوویت و لەو چاوەڕوانیە دەربازت کردم.

کاکە ڕەزا شەلتوکی کە ماوەی 25 ساڵان لە زیندانەکانی شادا بەسەربەرزی مابۆوە( لە ساڵی 1983 لە زیندانی ئێویندا بە جەزرەبە کۆچی دوایی کرد) زۆر بە رووخۆشی و ڕێزەوە باوەشی بە مامۆستا داگرت و بەخیرهاتنەوەی کرد و گەلێک سەرکۆنەی برادەرەکانی بەردەرگای کرد کە بۆ یەکڕاست نەیان ناردۆتە سەرێ. پاش هێندی قسە وباس دەگەڵ ئاسف و کاکە ڕەزا و مورتەزا باباخانی (هەم ئاسف و هەم مورتەزا لە بەندیخانەی ئیویندا شەهید بوون1983. مورتەزا هاوڕێیەکی کۆنی من بوو کە لەگەل خوشکـم زەماوەندیان کرد و پاش لە دایکبوونی منداڵی دووهەمی گیرا و بەداخەوە نەیتوانی پێگەیشتنی کچە ژیرەکانی ببینێ) بۆ نانخواردن چووینەوە ماڵی ئاسف.

پاشان من لەگەڵ کاکە ڕەزا سازام کە هەتا ئەوان ماڵ و شوێن بۆ مامۆستا جێبەجێ دەکەن من لەگەڵ خۆم بیبەمەوە مەهاباد و لەوێرا بەرێیکەمە بۆکان بۆ دیتنی ماڵ و منداڵەکانی و پاشان بۆ تارانی بنیرمەوە.

دیار بوو نەدەکرا دەسبەجێ لەدەست برادەر و دۆستەکانی تاران دەرباز بین هەر بۆیەش دوو ڕۆژان لەتاران لە شۆقەکەی من و حوسینی برامماینەوە و گەلێک لە گەنجەکان هاتنە دیداری مامۆستاو گەڵێک لە کوردەکانی تری دەور و بەرهاتن و چاویان بە مامۆستا کەوت.

مامۆستا قزلجی کە لەسەردەمی کۆمارەوە پەرەوازەی هەندەران ببوو یەکەم جار بوو کە هاتبووە تاران و بە قەولی خۆی " ولاتی عەجەمەکان"ی دەدیت. بە گاڵتەوە گێڕایەوە:
لەتەیارەدا لەگەڵ ئەمیری نیک ئایین ( ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ح.ت ) بەیەکەوە هاتینەوە، کە گەیشتینە سەر ئیران و لە ئەرز نیزیک بووینەوە هەتا چاو کاری دەکرد هەر ئەرزو شاخی ویشک دیار بوو. لە بولغارستان هەمیشە ئەمیر باسی جوانیی گول وگولزاری ئێرانی دەکرد. پێم گوت ئەمیر ئەوەیە مەملەکەتی گول و بولبول، خۆ نە تەرایی تێدایە و نە شینایی.

لەکاتی هاتنمان بەرەو مەهاباد هەرچی لە کوردستان نزیکتر دەبووینەوە مامۆستا پتر دەکەوتە سەر زەوق و وردە بیرەوەرییەکانی لەسەردەمی کۆمار دەگێڕاوە. زۆر بە ڕێز و حورمەت و خۆشەویستی باسی پێشەوای دەکرد. باسی مامۆستا تورجانیزادەی دەکرد کە هەم مامۆستای خۆێ بووە و هەم مامی بوو. زۆر بەرێز و خۆشەویستی باسی مەلا عەبدولای داودی مەلای خەجێی دەکرد و ئەوی بە دانەری سەرەکیی بیری دامەزراندنی کۆمەلەی ژ.ک دەزانی. دەیگوت کە بەر لە کۆمار تاقە ئاسەواری دەستەلاتی ئێران لە مەهاباد فەرماندارێکی تریاکی بوو بە نێوی " سەریع القلم" کە پیاوێکی شیعردۆست بووە و بە کردەوە هێچکارە. مامۆستاش لە دایرەی فەرمانداریدا دامەزرابوو و وەک باسی دەکرد کارەکەیان تەنیا نووسینی چەند نامەی دایرەای بووە و بەس. زۆربەی کاتەکەیان بە باسی ئەدەبیات و شیعر گوزرابوو. لە ڕاستیدا مەحکەمەی پێشەوا ناوەندی دەستەلات بووە و کار و باری شاری بەدەستەوە گرتبوو. دەیکوت کە فەرمانداریش پاش ماوەیەکی کورت گەڕاوە وڵاتی خۆی و بەکردەوە ئیتر ئاسەواری دەستەلاتی ئێران نەمابوو.

گەڕانەوەی مامۆستا بۆ کوردستان و شادبوونەوەی بە دیداری ماڵ و منداڵ پاش 35 ساڵان لەگەڵ هەموو خۆشیەکانی خەمیکی قورسیشی خستە سەر دەرونی مامۆستا. لەم ماوەیەدا خێزانی لەگەڵ سێ کچەکانی سەرەڕای تێکچوونی باری ئابۆری ، وە لەهەلومەرجێکی زۆر دژواردا بەسەربەرزی مابوونەوە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی مامۆستا بوون، سەرەڕای ئەوەش منداڵەکانی پێگەیشتبوون. هەربۆیەش کە باسی ڕاوەستان و دان بە جەرگداگرتنی خێزانی دەکرد، کە ژنە کوردێکی ئاسایی و نەخوێندەوار بوو، ئەوپەڕی رێزدانان لە ووشەکانی دەباری.

پاش چەند ڕۆژان لە بۆکان چوومە لای. مالەکەیان ماڵێکی هەژارانە بوو و ژیانیان بە کارێ کچێکی مامۆستا کە لە خەستەخانە کاری دەکرد بەڕێوە دەچوو. گەڕانەوەی باوکێکی کە 35 ساڵان لێیان دوور بوو لەگەڵ شادی ، خەمێکیشی هێنابووە پێش. باوک و منداڵ لەهەمبەر ئەو دووریەدا لەیەکتر نامۆ ببوون. ئەو تراژیدیایەش هەوری خەمی خستەبووە سەر نیگا هەمیشە بە بزەکانی مامۆستاوە.

هاتنەوەی مامۆستا بۆ کوردستان و چاوپێکەوتن بە بەشێک لە کۆنە دۆستەکانی وەک حەمەدەمینی سیراجی ، دکتور قاسملو، کەریمی حیسامی، مامۆستا زەبیحی ، مامۆستا هێمن، مەلا عبدولای حەسار، گەلێکی هێنابۆوە سەر زەوق.

هەروەک وەعدەم بە کاکە ڕەزا دابوو، پاش دە ڕۆژان بردەمەوە تاران. لەم ماوەیەدا حیزبی تودە شۆقەیەکی بۆ ئامادە کرد بوو. سێ ژوری هەبوو و حەمام و ئاودەست و متبەخ. دەستێک مۆبل و میزیکی نان خواردن و 6 کورسی و ژورێکی نوستنیان بۆ ئامادە کردبوو بە هەموو کەرەسەکانی متبەخەوە. هەر لەو بینایەدا ڕەحیمی ناموەر کە نووسەرێکی بەناوبانگی فارس و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ح. ت بوو ، لە بولغارستانیش هەر دراوسێی مامۆستا بوو، جیرانی شۆقەی تەنیشتی بوو. عەلی عەموییش کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، لە قاتی سەرەوە دەژیا.

بەمجۆرە مامۆستا لەتاران نیشتەجێ بوو و منیش گەرامەوە مەهاباد و سەرم بە کاری حیزبی دێمۆکراتەوە قاڵ بوو. ماوەی مانگێک گوزەرا و ڕۆژێک مامۆستا لەگەڵ حوسێنی برام بۆ سەردانی ماڵ و منداڵەکەی گەڕابۆوە مەهاباد. شەویک لەلامان ماونەوە و بەیانەکەی چوونە بۆکان. ئەو شەوە لەگەل بابم هەتا سەعاتی سێی بەیانی قسەیان کرد بوو. بابم لە دانیشتن لەگەل مامۆستا تێر نەببوو، وەعدەی لێوەرگرتبوو کە لە گەڕانەوە چەند ڕۆژێک بمێنێتەوە. پاش گەرانەوە لە بۆکان ماوەی حەوتوویەک لەلامان ماوە کە بەڕاستی خۆش گوزەرا. دەکرێ بڵێین لەو حەوتوویەدا گەلێک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی کۆمار و مێژووی کۆنی کورد و بەسەرهاتی پەرەوازەیی باسکرا.

پاش پێکهاتنی یەکەم پلێنۆمی بەرفراوانی حیزبی دێمۆکرات بە هۆی ئەو ڕەخنانەی کە من لە پلێنۆمدا گرتبووم بەرەبەرە بەرپرسایەتیەکانیان لەدەست دەرهێنام هەتا هەستم کرد کە کار هەر دێ بەرەو دژایەتی دەڕوا و خەریکی سازکردنی سێناریۆیەک بوون بۆ لادانی من ( دیارە لە داهاتوودا بە وردی باسی سێناریۆکە دەکەم). ئیتر منیش کە سیناریۆکەم لەقاودا هەر ئەوی ڕۆژێ بە نووسراوە وازم لە حیزب هێنا و بەرەو تاران چوومەوە کە

خەریکی درێژەدان بە خوێندن بم. هەمدیسان لەتاران دوو شەو لە ماڵی خۆمان دەبووم و سێ شەو لەلای ماﻣۆستا. ئیتر دەوری زەمانە وای لێهات کە منیش چوومە ناو حیزبی تودە و پاش ماوەیەک کار کردن لە کوردستان، گەڕاندیانمەوە تاران کە حەکایەتێکی جیاوازە. بە هەر جۆر پاش ماوەیەکی یەکمانگە دانیشتن و کار نەکردن شەوێک ماﻣۆستا پێی گوتم کە دەیان هەوێ بە زمانی کوردی ڕۆژنامەیەک بڵاو کەنەوە و هەتا ئەو کاتیش دوو کەسیان لە هاوڕێ کوردەکان دیاریکردبوو کە بە هۆی ناشارەزایان نەیانتوانیبوو کاریکی بکەن. پێی گوتم کە لە کەری شەیتانی وەرەخوار و کاکە ڕەزا بانگت دەکا مل بدە بەو کارە بە قازانجی گەلەکەمانە. بەیانەکەی کاک ڕەزا شەڵتوکی ، مورتەزا باباخانیی بەدواداناردبووم ، چوومە لای و ماﻣۆستاش هاتە ژورەکەی کاکە رەزا و پاش دلداری دانەوە رازی بووم کە لەگەڵیان دەست بەکار بمەوە. هۆی ئەم ڕازی بوونەش سەرەڕای بیر و باوەڕی هاوبەشمان پتر کاری ڕۆژنامە لەگەل ماﻣۆستا بوو کە دەمزانی دەتوانم بەهرەی باشی لێوەرگرم زۆر شتی لێ فێربم.

کاری وەدواکەوتنی ئیزنی ڕۆژنامەیان دا بەخۆمان. دیار بوو کە هەتا ئەو سەردەم من خۆم نەمدەزانی کە لە ناو حیزبی چەشنی نوێی چینی کرێکاریش هەر هەمان بەزمی دەستە و دەستەبازی و سێناریۆ سازکردنی ناو حیزبی دێمۆکرات باوە. تەنانەت دوایە تێگەیشتم کە حیزبی دێمۆکراتیش ئەو نەخۆشیەی لەوان گرتۆتەوە. هەر بۆیەش بە گیان و دڵەوە وەحەول کەوتین و برادەرێکی کوردی شاە ئابادی کرماشانمان هەبوو کە زۆر وریا بوو بە ناوی غولام قەرەویسکی ئەومان وەک خاوەن ڕۆژنامە بە وەزارەتی ئیرشاد ناساند و ئیزنی دەرخستنی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆمان بە ناوی "ڕیگای کوردستان" وەرگرت.

ماﻣۆستا قزلجی ناوەکەی بە یادی یەکەم ڕۆژنامەی کە پاش ڕووخانی کۆمار لە باشوری کوردستان بڵاویان کردبۆوە و بوو بە هۆی بووژاندنەوەی حیزبی دێمۆکرات، هەڵبژاردبوو. بە دڵخۆشیەوە خەریکی وەڕێخستنی کاری ڕۆژنامە بووین. نووسەری کوردی ئەوتۆمان لەچوارچێوەی حیزبی تودەدا وەگیر نەدەکەوت. تەنیا ماﻣۆستا قزلجی و دکتور عەلی گەلاوێژمان هەبوو. منیش لە ڕوانگەی ماﻣۆستاوە و لە ڕاستیشدا بۆ نووسین بە زمانی کوردی لە قۆناخی دارەدارەدا بووم. کاک عەلی گەلاوێژیش لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی حیزبەوە کرابووە بەرپرسی ڕێکخراوی کوردستان کە خەریکی دامەزراندن بوو و هەم سەرقالیان کردبوو بە نووسین بە زمانی ئازەری بۆ ڕۆژنامەی ئازەربایجانی فیرقە کە کاتێکی زۆری لێدەگرت و بە هێچ چەشنێ دەرەتانی هاوکاریی ئێمەی نەبوو. بەم هۆیانە ماﻣۆستا پێوەندی بە نووسەر و شاعیرەکانی شیوعی باشورەوە گرت و ئەوانیش ئامادە بوونی خۆیان بۆ یارمەتی بە ئێمە ڕاگەیاند. هەتا وەڕێخستنی ئەو ئامادە کارییانە چەند حەوتوویەکی پێچوو. برادەرێکی هونەرمەندی فارس و دارێژەری لاپەڕەکانی "نامە مردم" ئۆرگانی ناوەندی حیزب کە ماﻣۆستای ئەو فەننە بوو، ئازەری، بەوپەری پێخۆشبوونەوە ئارمی ڕێگایان بۆ ساز کردبووین. بۆ پەسند کردنی ئارمەکە لەگەڵ کاک ڕەزا شەلتوکی دانیشتین. کاک ڕەزا زۆر بە داخەوە پێی ڕاگەیاندین کە بەهۆی هێندێ مەسەلە لەسەر کەسایەتیی خاوەن ڕۆژنامەکە ناتوانین "ڕێگای کوردستان" دەربخەین. بەڕیوەبەرایەتی حیزب ئەمری ڕاگرتنی کاری بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی داوە. من زوو هەلچووم و بە نارەحەتی و تووڕەیی لە هۆیەکەم پرسی. کاکە ڕەزا پێی ڕاگەیاندین کە لە ڕێکخراوی کرماشانەوە چەند نامە هاتووە کە یەکیشیان بەرپرسی شاە ئاباد ( ئەو کات کاک سولەیمانی چیڕە بوو) نووسیوێتی و پێیان ڕاگەیاندووین کە ئەو برادەرە خۆشنێو نییە. منیش دەزانم کە ئەوە تەنیا چاوپێهەڵنەهاتن و حەسوودیە بەڵام ڕای دەفتەری سیاسی ڕاگرتنی ڕێگایە و بڕیاریانداوە "نامەی مەردم " بەکوردی دەربکەین . ئەوەشیان بڕیارداوە و لە نامەی مەردم بەکوردیدا چەند لاپەرەش بۆ ئەدەبی کوردی تەرخان بکەن. من زۆر بە توندی دەدوام و هێندی قسەی خراپیشم کرد. بەڵام ماﻣۆستا لەسەرەخۆ بوو و بە ئەهوەنی کوتی: کاکە ڕەزا دیارە بەزممان پێدەگرن و نایانەوی مڵ بە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی کوردی بدەن ، هەرچەندە هی خۆیانیش بێ . چون کوردی نازانن و ناتوانن ناوەرۆکی وتارەکان کۆنترۆڵ بکەن. پێیان بڵی با لەخۆڕا ئەو برادەرەش بەدنێو نەکەن.

کە بە دڵپڕی گەڕاینەوە ژورەکەی خۆمان پێی کوتم:
ڕۆلە تۆ بۆ بە کەوچێک ئاو وەمەلە دەکەوی و تورە دەبی. ئەوە پاشکەوتوویی خۆمانە، تاقە ئیزنیکی ڕەسمیمان بۆ ڕۆژنامەیەکی کوردی وەرگرتووە و خود برادەرە کوردەکان بوونە هۆی تێکچوونی. دەنا کێ دەزانێ ئەمانەی تر کە دەزگاکانی حیزبیان بە نێوە چ پاشەڵێکیان هەیە. ئەمانە عەیبی یەکتر دەشارنەوە و ئێمەی کوردیش عەیبی بۆ یەکتر دادەتاشین. بە داخەوە وا فێر بووین. ئەگینا ئەگەر بەناوی کابرایەکی فارسمان وەرگرتبا یەک لەکوردەکان نەیدەپرسی کە ئەم کابرایە کێیە. تۆ مەڕوانە کە ئێمە کۆمۆنیستین و ئەوەی تودەییە هەمووی هەر مرۆڤی پێگەیشتوو و تیگەیشتوە، گەلیکیان چاویان بە کورد هەڵنایە و هەر عەجەمن.

بەهەرجۆر بۆچوونی ماﻣۆستای دروست بوو و بەکاربردنی " هەر عەجەمن" یش پێشاندەری تورەییەکەی خۆی بوو. و بە جێگای ڕیگای کوردستانی سەربەخۆ، " نامەی مەردم " بە کوردی هاتە دەر. زۆربەی وتارەکانی نامەی مەردم بە کوردی وەرگێردراوی وتارە سەرەکیەکانی حیزبی تودە و بەیاننامەکانی بوو. دوو لاپەڕەمان بۆ ئەدەبیاتی کوردی تەرخان کرد بوو. کە لەڕاستیدا پتر لە هەموو شتێک سەرنجی خوێنەرانی ڕادەکێشا. بە هۆی نەبوونی پیتی کوردی زۆر نیشانەمان بە دەست چێدەکرد. لە ماوەێ دەرچوونی مەردم بە کوردی 61 ژمارەمان بڵاو کردەوە کە حەوتووانە بوو. هەروەها لەپاڵ ڕۆژنامەدا بە ئیمکاناتی حیزبی تودە، کتێبی پێکەنینی گەدا و پەرتووکی جێگۆڕکێ وسوان و تێکشکانی پیتەکان لە زمانی کوردیدا (ماﻣۆستا قزلجی)، زووحەیاتین (عەلی گەلاوێژ)، پێشمەرگە و پێشەوا لە دادگای نیزامیدا (ڕەحیمی سەیفی قازی)، تانیا کچە پێشمەرگەی قارەمان (وەرگێرانی جەلال دەباغ) و هەروەها کۆمەڵە شیعریکی دڵزار و یەکیش هی ڕەفیق سابیرمان بڵاو کردەوە. بۆ پیت چنین دەبوایە هەموو وتارەکان بە تایپ بنووسرێن. ئەرکی تایپکردن لەسەر شانی کچەکوردێکی خوینشیرن و کۆلنەدەر

بوو بە ناوی پەروین، لە بنەماڵەی قوبادی و ئەمجەدیەکانی کۆلیایی. مامۆستا زۆری خوشدەویست و ئەو پەڕی ڕێزی لێدەگرت. ژوورێکیان بۆ ئێمە تەرخان کردبوو لە تەنیشت ژووری کیانوری. ئەو هۆدەیە بە هۆی مامۆستاوە، ببوو بە مەکۆێ هاتووچۆی کوردی بەشە جیاوازەکانی کوردستان. لە ئەندامەکانی پارتی و یەکێتیەوە بگرە هەتا کوردی باکوور و ڕۆژئاوا کە ڕێگایان دەکەوەتە تاران سەرێکیان لێدەدا. ئەندامەکانی کوردی حیزبی شیوعی عێراقیش کە دەهاتن لەجیاتی دانیشتن لە ژووری عادڵ حەبە ( ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بوو کە ماوەی 9 ساڵان لەسەردەمی شادا لە ئێران لە زینداندابوو) نوێنەری حیزبەکەیان هەر بەلای ئێمە دەمانەوە.

نووسین و وەرگێڕان دەبوایە لەسەتاسەت بە دڵی مامۆستا بایە. دیارە نەک لەئاست ناوەرۆک بەڵکوو لە ئاست ئەدەبیاتەکەیەوە و بە تایبەت لە لانی ڕێزمانیەوە. هەمیشە بە پێکەنینەوە دەیکوت کە لەماوەی ئەو 40/30 سالەدا زمانی کوردیتان لێ شێواوە.

یەکەمجار کە وەرگێڕانی وتارێکم لەبەردەستی دانا، کوتی وەرە لام دانیشە. منیش کورسیەکم لەپەنای دانا و بە قەلەمی سوور پێیداهات و کەوڵی کرد. گەنج بووم و خام. زور تەریق بوومەوە. لەسەرەخۆ گوتی : کورم ئەوە زۆر ئاسایيە. تۆ لە هیچ قوتابخانەیەک کوردیت نەخوێندووە و جگە لە کوردستانی حیزبی دێمۆکرات و چەند کتێبە کوردییەک دەرەتانت نەبووە کتیبی کوردیش بخوێنیەوە. منیش لە سەرەتا هەروابووم.

لە پاشان گێڕایەوە کە پاش ڕووخانی ڕژیمی ڕەزا شا بۆ یەکەمجار کارتێکی پێرۆزبایی نەورۆزی لە ورمێ بە کوردی لە چاپ دابوو و بڵاوی کردبۆوە. دەیگوت ڕێنووسەکە هەر فارسی بوو. سەرەڕای پیری زۆر بە هێمنی و لەسەرەخۆیی یەک یەکی هەڵەکانی بۆ شیکردەمەوە. لەڕاستیدا سەرەڕای ئەوەیکە لەمێژ بوو بەکوردی شتم دەنووسی بەڵام کارکردن لەگەل مامۆستا بۆ من سەرەتای فێر بوونی ڕێزمانی کوردی بوو.

هەرکەس، چ چاک با چ خەراپ، ئەگەر بەقەدەر سەرە دەرزییەک کارێکی بۆ کورد کردبایە بەلایەوە بەڕێز بوو. بەتایبەت ئەوەی نووسەر و شاعیر و ئەدیب بایە. بە پشوو درێژی ڕای خۆی پێدەکوتن و شێکارییەکی کە پێی باش بایە لەسەر کارەکانیانی دەکرد. لەبیرمە کە کاک عەلی گەڵاوێژ کتێبەکەی لەسەر لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی ئابۆری کوردستان لە دەربەگایەتی بەرەو سەرمایەداری تەواوکرد ، هێنای بۆ مامۆستا. بەوردی خوێندیەوە. کاک عەلی گەلاوێژ پاش حەوتوویەک لە کوردستان گەڕاوە تاران و من و مامۆستا لە ماڵەکەی مامۆستا خەریکی نانخواردن بووین کە وەژوور کەوت بەر لە سڵاو بە پیریەوە چوو و هەردوو لای ماچکرد و کوتی: پیرۆزباییت لێدەکەم، کارێکی گەلێک گرینگت گرتە ئەستۆ و زۆر بە زانستیانە ئەنجامت داوە. نەتەوەی کورد ئەمانەی پێویستە. کاک عەلیش بە پێکەنینەوە گوتی: ئەگەرچی دەمو چاوت هەموو چەور کردم بەلام ماچەکەت حەقدەستێکە کە دەمحەسێنێتەوە.

مامۆستا هەر بەمجۆرەش لە ئاست نووسینەکانی خۆی لەخۆبایی نەدەبوو. گەورە یان بچوکی لەلابایە بۆی دەخوێندەوە و گەر ڕایەکت دەربڕیبایە پێشوازیی لێدەکرد. لەو ماوەیەدا نەبوو کە چیرۆکیک بنووسی و یان وتارێکی لەسەر ئەدەبیات و ڕێزمان بنووسێ و بۆ ئێمەی نەخوێنێتەوە. تەنانەت ڕۆژێک چیرۆکی چەکمەڕەقی بەدەستەوە بوو و دەینووسی. کاک عەلی گەلاوێژیش لە مەهابادەوە هاتبووە تاران و لەلامان دانیشتبوو خەریکی نووسینی وتارێک بە فارسی بوو. مامۆستا جار و بارەش بە بزەوە چاوێ لە کاک عەلی گەلاوێژ دەکرد. کە تەواو بوو کوتی گوێ بگرن ئەو چیرۆکەتان بۆ بخوێنمەوە. کە تەواو بوو کاک عەلی گەلاوێژ بە پێکەنینەوە کوتی دەستخۆش مامۆستا، بەڵام هیچت بۆ ئێمەی ئاغاوەت تێدا نەهێشتۆتەوە. (کاک عەلی کوری برایم ئاغای ساروقامیشی بوو و چەکمەڕەق چیرۆکی ئاغاوەتێکە کە دەمرێ و دەچێتە بەهەشت و هەلسوکەوتەکەی لەوێ باسدەکرد) مامۆستاش بە پێکەنینەوە کوتی تۆ ناگرێتەوە چون خەیانەتت بە چینی دەربەگ کردووە.

ڕۆژێک وتارێکیان لە دنیادا لەسەر بزوتنەوەی 47/46 بە نێوی کاکە ڕەزا شەڵتوکی لەچاپدابوو کە پڕ بوو لە هەڵە. تەنانەت نووسیبویان کە حەمەدەمینی سیراجی شەهید کراوە و هێرشێکی زۆریان کردەبووە سەر بارزانی نەمر. بە کاکە ڕەزای کوت کە ئەوە چییە نووسیوتە. دیار بوو کە ئاگای لێنەبوو کێ نووسیوێتی. بە وەش مامۆستا هێندەی دیکە تووڕە بوو. بە گۆچانەوە بەرەو ژووری کیانوری چوو دەستی کرد بە هەلا لە گەلیان. بەهەر جۆر ئەهوەنیان کردەوە و وەعدیان پێدا کە ئیتر بەری ئەو چەشنە وتارانە بگرن. لە ڕاستیشدا وانەبوو. هەر بە نێو کۆمیتەیەکیان ساز کرد بە ناوی "کۆمیتەی ڕاوێژکاری مەسەلەکانی کوردستان" ( کۆمیتەی مشورتی مسائل کردستان) کە کاکە ڕەزا بەڕێوەی بەرێ و مامۆستا و کاک عەلی گەلاوێژ و منیش ئەندامی بووین. ئەو کۆمیتەیە مانگێ جارێک کۆدەبووینەوە و چمان پێ دروستبا بە کاکە ڕەزامان دەگوت و ئەویش ڕەوانی شاد حەولی خۆی بۆ دەدا. بۆ وینە دانیشتنی نوێنەرەکانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە لە مەهاباد دەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات لە ماڵە بابی سەلیمی بابانزادە لە ئەنجامی زەختی کۆمیتەکەدا بوو. بەڵام لە پاش جیابوونەوەی پەیڕەو، بە کردەوە کاری کۆمیتە بۆوە بە هیچ. کیانوری ڕاستەو خۆ دەگەڵ مامە غەنی ڕاوێژی دەکرد و کۆمیتەیەک بە بەشداری کاک عەلی گەلاوێژ و ڕەفیق جەوادی فداییەکان و وەک لەبیرم مابێ ئەحمەدی عەزیزی لە پەیڕەو چێکرا بوو. هەرچەندە دانیشتنی مانگانەی ئێمەش هەر بەردەوام بوو بەڵام بە کردەوە کارتێکەریمان لەسەر هیچ نەبوو. بەکردەوە وەک مامۆستا دەیکوت کۆمیتەکە ببوو بە داوڵە.

مامۆستا لەگەڵ لەسەرەخۆیی و ئەهوەنی هەمیشە بیری خۆی بە ڕاشکاوی دەردەبڕی. ڕیایی نەدەکرد و بەرژەوەندیخوازی لە زاتیدا نەبوو. لە پاش جیابوونەوەی دەستەی هاواری کۆنگرەی چواردا لەسەر سیاسەتی حیزب لە ئاست کوردستان بۆچوونی خۆمان هەبوو کە پڕ بوو لە ڕەخنە. دیارە ڕەخنەکانی مامۆستا لە هی من و

کاک عەلی توند و تیژتر و وردبینانەتر بوون. کاکە ڕەزا داوای کرد کە کیانوری و عەلی عەموویی ( سکرتێر و دەبیری دووهەمی حیزب) لە گەڵمان دانیشن و وەڵامی ڕەخنەکانمان بدەنەوە. هەمدیسان لە ماڵی مامۆستا کۆبووینەوە و پاش وتوێژێکی دوور و درێژ مامۆستا خۆی پێرانەگیرا و ڕووی دەکیانووری کرد و کوتی : هاوری کیانوری ئەتۆ بەو سیاسەتە کێ بەر کێ یەت سەری هەموومان بە فەتەڕات دەدەی. کیانورێ کە چاوەڕوانی قسەی وەها نەبوو بە ڕامانەوە کوتی: بەڵی مامۆستا؟
مامۆستا کوتێ: هاورێ بەڵێی چی؟ ئاخر ئاخوند و شۆرشگێریان بە یەکەوە کوتووە. تۆ چۆن دەتوانی مەلا بکەیتە دێمۆکرات؟ هەزار خەتیان بۆ داپرێژی هەر دەگەڕێنەوە سەر پەت و سینگی خۆیان و بە کافرت دەزانن. ئێوە کە بە کولتوری شیعە خوتان گرتووە نازانن کە ئەوانە تەقیەتان دەگەڵ دەکەن.
بەهەر جۆر کیانوری هەر لەسەر خەتەکەی خۆی ماوە.

هەمدیسان جاریکیان وتارێک لەسەر ئیمامی عەلی لە لایەن تەبەریەوە نووسرابوو بە ناوی " پاکیی کردەوە لە عەلی فێربە" (از علی آموز اخلاص عمل) کە هێرشی کردبووە سەر حەزرەتی عوسمان. مامۆستا کە وتارەکەی خویندەوە بە تووریی کوتی وەرە ئەو کەرانە لەو قورە دەرهێنە. ئاخر چتان لەم باسانەداوە. دیسان یەخەی کیانوری گرت و بە توندی گوتی: هاوری ئەگەر ئێوە حیزبی تودەی ئەسنا عەشەرین ئەوە پیمان بلێین با بزانین . دەنا چتان لە تێکبەردانی شیعە و سونی داوە؟ کیانوریش بۆ ئەهوەن کردنەوەی مامۆستا تەبەریی بانگ کرد و لە ژوورەکەماندا بوو بە دمەقاڵەیەکی زانستیانەی توند لە نێوان هەردوو زانادا کە یەکیان مەلایەتی سونیی خویند بوو و یەک شیعە و هەردوو ببوونە مارکسیست. من زۆرم پی سەیر بوو کە مامۆستا حەدیس و ڕەوایەتی لە کتێبە کۆنەکان دەهێناوە دەتگوت لەبەر دەمی کتێبەکانیان چنیوە و لە ڕوویان دەخوێنێتەوە. لەئاخردا مامۆستا بە گێرانەوەی چەند ڕەوایەت و بەلگە بە تەبەری کوت کە هەموو باسێکی شورشگێری لەسەر ئیمام عەلی و حوسێن بێ بنەمایە و شەڕی ئەمان تەنیا لەسەر دەستەلات بووە و بەس. هەروەها بە بزەوە بەشی تاڵانی ئیمام عەلیی لە خۆراسان بۆ باس کرد بە پەنجەڕاکێشان بە سەرچاوەکە کە 16 باری وشتر زیر و زێو و 168 ژن بووە کە دراوە بە کورەکەی حەسەن . هەڵبەت تەبەری ڕەخنەکەی مامۆستای لەم لانەوە وەرگرت کە نەدەبوایە ئەو وتارە لە ئۆرگانی حیزبی چینی کرێکاردا لە چاپبدرێ.

زۆرجاران بە شێوەی زاتیری باسی هەلەکانی حیزبی دەکرد و نەیدەشاردەوە. جارێک خەریکی وەرگێرانی بەیاننامەی حیزب بوو لەسەر حیزبی دێمۆکرات و لەبەر خۆیەوە سەری دەلەقاندەوە و دەیکوت: ئەمانە دەڵێی لە گوێ گادا نووستوون.
لەبارەی ووشەی باندی قاسملودا جارێک بە پێکەنین و بزەی سەر لێوەوە رووی دە کاکە ڕەزا کرد و کوتی : ئەرێ کاکە ڕەزا بۆ نەنووسین باندی مامە غەنی و کاک حەمەدەمین و خۆمان خلاس کەین. ئەگەر ئەم برادەرانە چەند سەت کەسن ، قاسملو چەند میلیۆنی دەگەڵە. خۆ باندی چەند میلیۆنیمان نییە.

کاک عەلی گەلاوێژ لە کوردستان ڕێکخراوی ئەیالەتی حیزبی تودەی دامەزراندبوو. لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە من و مامۆستاش وەک ئەندامی کۆمیتەکە داندرابووین. مامۆستا قزلجی کاری ڕێکخراوەیی زۆر بە دڵ نەبوو. دەبوایە گەڕابایینەوە کوردستان و لە دانیشتنەکەیاندا بەشداریمان کردبایە. دەرفەتێک بۆ بۆ سەردانی کوردستان. کە گەڕاینەوە و لە دانیشتنەکەیاندا بەشداریمان کرد من خۆم زۆرم بە دڵ نەبوو. ئەو کەسانەی کە بەڕاستی بە کاری سیاسیەوەماندوو ببوون دیار نەبوون و چەند کەسێک داندرابوون کە بە پڕوای من نەیاندەتوانی هەڵسورێنەری ئەم ئەرکە بن. پاش بەشداری لە کۆمیتەکەدا گەڕاینەوە تاران. مامۆستا پێی کوتم کورم ئەوە ڕاوەبەرازە و کاری ڕێک و پێکی لێناوەشێتەوە من بە کاکە ڕەزا دەڵێم کە نامهەوێ ئەندامی کۆمیتەی ئەیاڵەتی بم. من کە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە پێم لە کوردستان پڕابۆوە ئەو هەلوێستەم بە کەیف نەبوو و منە منم دەکرد. ئاخر پیمکوت کە ئەوە دەرفەتێکە بۆ من کە دیسان بگەڕێمەوە ناو کاری کوردستان.
کوتی کە وەک جاری پێش هەموو بەردەکان لەسەری تۆدا دەشکێنن. لەسەرەخۆ بە و پاش ماوەیەکی خۆیان داوات لێدەکەن کە بگەڕێیەوە. هەتا حیزب لەسەر ئەو خەتە دەڕوا ئیمە ناتوانین لە کوردستان بە دروستی کار بکەین ئەوە ئەزمونی حیزبی شیوعی سەلماندوویەتی. گەرچی حیزبی ئێمە بە قامکێکی ئەوانی پێناکرێ.
بەهەر جۆر منیش بە قسەیەم کرد و لە تاران دووبە دوو لە گەڵ کاکە ڕەزا قسەمان کرد و وازمان لە ئەندامەتی کۆمیتەکە هێنا و سەرمان بەردایەوە سەر کاری ڕۆژنامەکە.

جیاوازییەکی گەورە لەنیوان مامۆستا و ئەوانی‌تر کە لەوڵاتە سۆسیالیستیەکان مابوونەوە لە باسکردنی باری ژیانی ئەو وڵاتانەدا بوو. مامۆستا قەت کەموکۆریەکان و ڕەخنەکانی نەدەشاردەوە. بە دروستی پەنجەی بۆ بارە ئەرێتی و نەرێتیەکان ڕادەکێشا. مێشی نەدەکردە فیل و ڕاست و ڕەوان دەیگێراوە کە چۆن کاک کەریم کارێ برادەرێکی بە ویسکی جێبەجێکردبوو و یان دکتۆر ڕەحیم بە بەرتیلێکی بچوک باشترین میوەی لە بازاری دەکڕی.
ڕەحمەتی دکتۆر رەحیم خۆی بە لامانەوە بوو کە مامۆستا نەقلی سەردانەکەی باکۆی گێراوە و کوتی:
لەگەل کاکە ڕەحیم بەرەو بازار وەڕێکەوتین کە شوتی بکڕین. کە چاوم بە شوتیەکان کەوت پێمکوت با وازیان لێبێنین بە کاری خواردن نایەن. کاکە ڕەحیم کوتی ئەوە هی من نییە مامۆستا، ڕاوەستە. ئینجا بە تورکی کابرای گاز کرد و پێی کوت: یۆسف شوتیەکانم بەرە ناو ماسێنەکە! کابرا دوو شوتیی زلی لە ژووری پشتەوەڕا هێنا و خستیە ناو ماشێنی کاکە رەحیم و ئەویش چەند ڕوبڵی لە دەستی نا. وەڵلا دەتگوت هەر ڕەحیم ئاغایە و لە گوندەکانی خۆیدایە و کابرا رەعیەتێتی!
کاکە ڕەحیم خۆیشی بە گێرانەوەی مامۆستا پڕ بە دڵ پێدەکەنی.

جاریک باسی برادەرێکی بولغاریی خۆی گێڕاوە کە بەڕێوەبەری کالخۆز بووە. دەیکوت بەرهەمەکەیان تەماتەبووە. باشەکانیان بە نرخی گران بە ئۆروپای رۆژئاوا فرۆشتۆتەوە و خراپەکانیان داوە بە بازاری ناوخۆ و هەرە تلخاوەکانیانن بەڕیکردۆتە سۆڤێت. لێی پرسیبوو بۆ بۆ سۆڤێت. کابرای برادەری کوتبووی با برا گەورە نەبایە!
زۆرجاران بە گاڵتە بە هەندێ کەسی دەکوت: " کەرە کۆمۆنیست."
ڕۆژیک پرسیم ئەرێ مامۆستا کۆمۆنیست بە پێی تاریف دەبێ مرۆڤی هەرە تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بێت، چۆن دەتوانێ هەم کۆمۆنیست بێ و هەم کەریش بێ؟ پێکەنی و کوتی: ئەوەلەکۆی کەری وامان هەیە و سەت پوتی بارە. چایەک ساز کە هەر ئێستا یەکیان دەبینی.
ئێمە لە دەفتەری حیزب لە چای سماوریی دەفتەرمان نەدەخواردەوە. هەر دووکمان جگەرە کێش و چا خۆری بە ئیشتیا بووین. لە ژوورەکەی خۆمان کەتری و چادانی کارەباییمان دانابوو و چای باروتیی سیلانمان ساز دەکرد کە هەم خۆشڕەنگ و هەم بە تام بوو. گەلیکجار هاوڕێیان بە بیانوی سەردانمان خۆیان دەگەیاندە چای دروست خواردنەوە. منیش چام سازکرد و ئینجا مامۆستا پەروینی نارده شوێن برادەرێکی کۆمیتەی ناوەندی کە بەرپرسی هەریمی باکووری ئێران بوو. بەمنیشی کوت کە ئەو هات هیچ نەڵیم و سەرداخەم.
کە هاوڕێکەهات دەستی کرد لەگەڵی بە قسە و گێڕانەوەی حەکایەتی کۆن و گاڵتە. منیش چام بۆ تێکردن و لەبەر دەستیانم دانا. دیار بوو میوانەکە ئەو چایەی زۆر بەکەیف بوو و بە تام و چیژ دەیخواردەوە. ئینجا مامۆستا دەستی کرد بە تاریفی من. ئەو کورە زۆر باشە و منی حەساندۆتەوە و چای خۆش سازدەکا و دەستاوی خۆشە و چێشتی خۆشم بۆ ساز دەکا و پێداهات هەتا بە کاری حیزبی و گورج و گۆڵی و شتی وا سەیر کە خۆشم نەمدەزانی چن. پاشان بە بیانوی دەس بە ئاو گەیاندن لە کاتێکدا چاویکی بە بزەوەی دادەگرت لە ژوورەکە وەدەر کەوت. کابرا هەر دیتی مامۆستا بزر بووە رووی لەمن کرد و کوتی هاوڕی تۆ بۆ خۆت خەسار کردووە و بە لای مامۆستاوە دانیشتووی کە هیچ داهاتوویەکی حیزبی بۆت نییە. مامۆستا بەڕێزە بەڵام هیچی لە حیزبدا بەدەست نییە. وەرە دەتبەمە لای خۆم و دەتکەم بە جێگری خۆم لە شیمال(باکوور) هەم من لە هاتوچۆی زۆر دەحەسێمەوە هەم تۆ لە ڕێکخراودا سەردەکەوی و پلەی حیزبیت دەگۆڕدرێ. زۆری رست بەلام لەبەر خۆڕاگرتن و لە قاقا نەدان هۆشم لەسەری نەمابوو. کە مامۆستا هاتەوە و ئەو رۆیی. مامۆستا پرسیی : نەیکوت وەرە لای من؟ لە قاقامدا و پێکەنیم و بۆم گێڕاوە کە چی کوتوە. کوتی ئەوە کەرە کۆمۆنیستیشت دی!

مامۆستا کەباسی بولغارستانی دەکرد هەمیشە بە ڕێز و حورمەتەوە باسی خێزانی کاک کەریم، خەجیج خانمی دەکرد. دیار بوو کە لە سۆفیا بەڕاستی زۆر ئاگایان لە مامۆستا بووە. هەروەها زۆر بە خۆشیەوە یادی خۆێندکارەکانی کوردی باشوری دەکرد کە لەوێ هەمیشە سەریان دابوو و بە قەولی خۆی بێ ساواریان نەکرد بوو. لە تارانیش مەلا سالحی ئیبراهیمی زۆرجاران سەری دەدا و بانگهێشتنی دەکرد. لەسەریەک لە نەقلەکانیدا بەڕێزەوە باسی هەموو ئەو کەسانەی دەکرد کە یارمەتیاندا بوو. بەتایبەت هەمیشە بە چاکی باسی شێخ لەتیفی کوری شیخ مەحمود و حەڵاوەخانی خێزانی دەکرد. کە شێرە ژنێکی دڵ و دەرون گەورە و میوانپەروەر بووە. زۆربەی پەنابەرە پەرەوازەکان لە ماڵی ئەوان خۆیان گرتبۆوە و هەمیشە ئاگای لە باری ژیان و گوزەرانی ئەو خەباتکارانە بووە. تەنانەت باسێ یارمەتیدانی شێخ لەتیفی بۆ بڵاو کردنەوەی ڕێگا بە وردی بۆ گێڕامەوە. دەیکوت:

کەلوپەلی پێویستی دروستکردنی چاپخانەیەکی بچوک و گەڕۆک بە پارەی شیخ لەتیف و بە وەستایی کاک محەمەدی شاپەسەندی(لە ئەندامەکانی سەرەتای چالاکی کۆمەڵەی ژ.ک و بەرپرسی لەچاپدانی نیشتمان بوو و پاشان بەرپرسی چاپخانەی کوردستان و سەرنووسەری گڕوگالی منداڵان لە سەردەمی کۆماردا بوو و وێڕای مامۆستا قزلجی و مامۆستا زەبیحی و هەژار، لە ماڵی شێخ پەناگیر ببوو) چێکرا و زەحمەتی پیتچنین و لەچاپدانی لە سەر شانی کاک محەمەد بوو..
هەروەها دەیکوت:
دەزگای تایپمان نەبوو و کەم کەس تەنانەت دەیزانی کە تایپ چیە و چۆنە. داوام لە شێخ لەتیف کرد. کوتی کە بەپارە ئەگەر بۆتان دەکڕدرێ باشەدەنا چم لەدەست دێ ، منیش پێم کوت شێخ لەتیف ئەوە تەنیا لە دایرەی قایم مقامی سولەیمانیە هەیە. ئەویش خولە پیزەی نارده لام و منیش وینەیەکی دەزگای تایپم بۆ کێشاوە و پاش چەند ڕۆژان خولە پیزە هێرشی بردبووە سەر دایرەی قایم مقام و تایپەکەی بە خەزا بۆ هێنایین. ( خولە پیزە شۆڕشگێڕیکی بەناو بانگی باشور بوو لەسەردەمی نوری سەعیددا کە چەکی هەڵگرتبوو و خەباتی دەکرد. ڕژیم ناوی چەتەی بەسەرداپڕیبوو.)
زۆربەی پەنابەرە پەرەوازەکان لە ماڵی ئەوان خۆیان گرتبۆوە و هەمیشە ئاگای لە باری ژیان و گوزەرانی ئەو خەباتکارانە بووە. هەروەها زۆر بە باشی باسی شیخ حیسام الدینی دەکرد کە ماوەی دوو مانگان لە مالەکەیاندا شاردبوویانەوە و لەگەڵ پیاوەکانی خۆی ڕەوانەی باشوری کردبۆوە.

پاش داخستنی ڕۆژنامەی مەردم منیش لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی بۆ سەروساماندان بە ڕیکخراوەی شپڕێوی ئەیالەتی بەڕیکرامەوە کوردستان. ماڵێکمان لە تەورێز بە نیوە نهێنی گرتبوو. بڕیارماندابوو مامۆستاش بهێنینە لای خۆمان. کە هات و حەوتوویەک ماوە تاقەتی سەرمای تەورێزیی نەبوو و گەڕاوە تاران. بۆوەیکە پاش هاتنەوەی من بۆ کوردستان مامۆستا بە تەنیا نەبێ و پێویستیشمان بە کەسێک بوو وەک پەیک لە تاران، کاک ناسری شافعیمان دیاریکرد کە هەر لە ماڵە کۆنەکەمانڕا ناسیاوی لەگەڵ مامۆستا هەبوو و هەر جارێکیش کە هاتبا تاران سەری مامۆستای دەدا. کاک ناسر زۆری خزمەت بە مامۆستا کرد و مامۆستاش گەڵێک خۆشی دەویست. لەگەڵ ئەوەش کە دەچوومە تاران هەر جەمێک لە مالی براکانم دەبووم و پتر لەلای مامۆستا دەمامەوە.

ماموّستا ڕاوێژی دەمی خۆشبوو و لەگەل هەر مرۆڤێکی ناسیاو و نەناسیاو ئەوەندە بە ڕووخۆشی دەدوا کە کابرای بەرانبەری زوو هەستی خۆشەویستی دەبزوا. لەتاران ماوەیەکی من و کاکەڕەزا لە گەرەکی قلهک هاو ماڵ بووین و ماڵەکەش بڕیاروابوو نیوە نهێنی بێ. جار و بارە کە دەبوایە لەو ماڵە بمێنمەوە ماموّستام دەهێنا تا لە ماڵەکەی خۆی بەتەنیا نەمێنێتەوە. ڕۆژێک جگەرەی لێبڕابوو. کوتم دەچم دەکرم. کوتی منیش دێم با هێندیک پیاسەش بکەین ئیرە هەوای زۆر خۆشە. وەدەرکەوتین و لەبەرانبەری ماڵەکەمان کابرایەک جگەرەی دەفرۆشت و منیش زۆرجاران بەزەییم پێدادەهات و جگەرەم لەو دەکڕی. کە چووینە لای ماموّستا هێندێ قسەی خۆشی لەگەل کرد و کوتوپڕ بە زاراوەیەکی عەرەبی دەستی کرد بە قسە لەگەل کابرا. ماوەیەکی چارەگە سەعاتی یەکتریان دواند. من هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم. بەس لە ئاخردا هەستم پێکرد کابرا زۆر بە شەرمەزاری دەڕوانێتە من. ماموّستاش هیچی نەدرکاند و هەر بە لەسەرە خۆیی بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. ئینجا کوتی:

ئەو کابرایە عەرەبی شیعەیە و بەسراویە،. من بە زاراوەی خۆیان دواندم. و کابرا وەدەزانی منیش هەر لە عەشیرەتەکەی وانم. هەواڵی گەلێک کەسیشی لێپرسیم من هێندی کۆنە شیوعیی بەسراویم دەناسی و خۆم بە خزمیان ناساند. کابرا پێی کوتم کە تۆ چی منی، منیش کوتم کە نەوەی منی. زۆر تەریق بۆوە و داوای لێبواردنی کرد و کوتی مامە وەلاهی نەمزانیوە کە ماڵی نەوەی خەڵکی لای خۆمانە. ئەوە من و کابرای میوە فرۆشی ئەو بەریان داناوە کە چاوەدێریی ماڵی نەوەکەت بکەین. پێی بڵێ ئاگای لەخۆێ بێ.
هەر ئەوێ ڕۆژی ماڵەکەمان چۆلکرد. و من چوومە شۆقەیەکی تر و کاکە ڕەزاش بۆ ماڵێکی تر. ماموّستا هەروەها پاش ئەو ڕووداوە گێڕایەوە کە شارەزایی لە زاراوەکانی عەرەبی لە بەغداش بە فریای گەیشتبوو. کوتی کە حکومەتی عیراق کون بەکون لێمان دەگەڕا کە من و زەبیحی بگرن و ڕەوانەی ئیرانمان کەنەوە. پەرەوازە و بێدەرەتان بووین. من کورسی و خوانچەیەکەم پەیدا کردبوو و لەسەر جادە بۆیاخم لە کەوشان دەدا، کابرایەکی کوردی جاش منی ناسیبۆوە و پۆلێس هاتن ڕەپێچکیان دام و بردیانمە دایرەی پۆلیس. لەوێ ئەفسەرێک هات و لێی پرسیم تۆ حەسەنی قزلجی خەلکی ئیران و ڕاکردووی. بە عەرەبێکی تۆخ کوتم ئەوە شێت بوون. حەسەنی چیی و من محەمەدی بۆیاخجیم و خەلکی فلانە گوندم. کوتی وەلاهی بەو عەرەبیەوە کە تۆ قسەی پێدەکەی تاوانە تۆمەتی وەهات لێبدەن. بانگی کابرای جاشی کرد و وەبەر زلەی دا کە بۆ شلتاخ بەو عەرەبە بۆیاخچیە بەستەزمانە دەکەی. منیشی بە دلدانەوە بەڕی کرد و ڕزگاریم هات.

لە ئاخر چاوپێکەوتندا دەیزانی کە خەتەری هێرشکردنی ڕژیم لەسەریانە. دەگەلم باسی کرد و کوتی من ئیتر زۆر پیرم و بمگرن لەمردن زیاتر چارێکم نابێ و بۆ دوو ڕۆژ پتر ژیان حەیای خۆم نابەم. دیسان داوام لێکرد کە بێتەوە لای خۆمان. پێمکوت کە بە کۆلیش بێ دەربازت دەکەم. پێکەنی و کوتی با سەرماکە بشکێ دێم. تاقەتی سەرمای تەورێزم نییە.

کە خەبەری گیرانی کۆمیتەی ناوەندیمان بیست بە ناسرمان خەبەردا کە بزانێ ماموّستا چی بەسەرهاتووە. ناسر چاوەدێری ماڵەکەی کردبوو هەتا پێرێژنێک کە شۆقەیەکیان دابۆیە و ئاگای لە خانوبەرەکە دەبوو و پلیکان و بەردەرگاکەی خاوین دەکردەوە، و جار و بار کە ئێمە لەوێ نەباین کەلوپەلی بۆ ماموّستاش دەکڕی، لە ماڵ هاتبوە دەر. لێی پرسیبوو کە چ بەسەر ماموّستا هاتووە و پێکوتبوو کە خودا غەزەبیان لێگرێ  بابەگەورەشیان بردووە.
ئیتر خەبەری ماموّستا نەبیسرا هەتا جارێک بە نهێنی چووبوومەوە تاران و چاوم بە مەلا سالحی ئیبراهیمی کەوت و بۆی گێڕامەوە کە توانیبووی بەهۆی ئیسلامیبوونی لەسەرەمەرگدا بوونی ماموّستا، جارێک سەردانی بکا. دەیکوت کە هێنابوویان لەسەر برانکارد رایان کێشا بوو و زۆر بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرا و ئەوەندەی لێ تێگەیشتبوو کە سڵاوی بۆ هەموو ناسیاوان ناردبوو و داوای گەردن ئازایی کرد بوو . دیارە هەر چەند ڕۆژێک پاش ئەو سەردانە کۆچی دوایی کردبوو.
بەمجورە دەفتەری ژیانی نووسەری مەزنی کورد لەبن دەستی جەلادەکانی رژیمی خومەینیدا پێچرایەوە و ئەدەبیاتی کورد شاسواری دەم بە پێکەنینی خۆی لە کیسدا. بەلام هەتا کورد ماوە" پێکەنینی گەدا" وەک ئەستێرەیەکی گەشی گەنجینەی ئەدەبی کورد دەمێنیتەوە. یادی بە خێر و ڕەوانی شاد و ناوی هەر زیندوو بێ
**کۆتایی.**

**ئەوەش لینکی ووتارەکە لە سەر ماڵپەڕی "ڕاڤە":**

http://www.rave-online.org/syasat/H_Qzilci_He_Ma.php